# سیستەمی یاسای
# ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و مافە کانی مرۆڤ



**لە بەشی یەکەمی ئەم نوسینەدا تیشکمان خستە سەر پێکهاتەی دادگاکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و رۆلی دەستەی سوێند خواردو لە بریاری دادگادا وە لەم بەشە دەمانەوێت باس لە یەکێک لە دەزگایاسایەکانی ئەم ولاتە بکەین کە ئەویش :**

تاڤگە عمر رشید

## بەشی دووەم

سەنتەری قەزای فیدرالیە:- (المركز القضائي الفدرالي) کە ئەویش ئاژانسێکی زانستی و لێکۆلینەوەیە سەریە دادگای فیدرالی ئەمریکی یە کە لە سالی (١٩٦٧)لە لایەن کۆشکی سپی ئەمریکیەوە بریاری دامەزراندنی دراوە،لەژێر چاودێری ئەنجومەنی کارگێری کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات کە سەرۆکی دادگا سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە دەکات لە دادگای بالای وولاتە یەککگرتوەکان .

وە ئەم سەنتەرە مەلبەندی فێربوون وراهێنانە بۆ دادوەری فیدرالی لەم وویلایەتە وە هەر وەها بۆ فەرمانبەرانی دادگاکان پرۆگرامی ئاراستەکراون و جگە لە فێرکردنی بەردەوام کە ئەویش توێژینەوەی ئەزمونی وە توێژینەوەی دیدەوانی یە لە بوارە جیاجیاکانی کارگێری دادوەری.

وە ئەم سەنتەرە سەرچاوەیەکە بۆ دەسەلاتی دادوەری بیانی وە هەول دەدات بۆ گەیشتنی زانیاری لە سەر دەسەلاتی دادوەری لە دەولەتانی تر ئەمەش بە مەبەستی یارمەتی دانی خزمەتگوزاری بۆ دەسەلاتی دادوەری وولایەتە یەککگرتوەکان بە باشترین رێگە،و نوسینگەی پەیوەندیە دادوەریەکان کە لە سالی (١٩٩٢) دامەزراوە، کارەکەشی بریتیە لە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەم سەنتەرەودادوەروپارێزەرەکان و کەسانی ئەکادیمی و فەرمانبەرانی دەولەت لە دەولەتانی تر،وە ئەو یارمەتیە داراییەی کە کۆنگرێس پێشکەشی سەنتەریدەکات تاکە سەرچاوەی دارایی سەنتەرەکە نیە بەلکو لە هەندێک کاتدا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان بە سەرچاوە داراییە دەرەکیەکان پشت دەبەستێت.



## دانیشتنی بەخشینی زانیاریەکان

لە هەموو سالێکدا سەنتەر دانیشتنێکی بۆ بەخشینی زانیاری رێک دەخات بۆ شاندی دادوەران و پارێزەران فەرمانبەرانی دادگار زانایان لە ولاتانی تر کاتێک سەردانی پایتەختی ئەمریکا (واشنطن) دەکەن.وەلەم کاتەدا پێشەکیەک لە سەر رێنمایی یاسایی و دادوەری لەوولایەتە یەکگرتوەکان باس دەکرێن جگە لە زانیاری لەسەر چالاکیە زانستیەکانی سەنتەر کە پەیوەستە بە توێژینەوەکان . وە هەر لەم جورە کۆبوونەوە گفتوگۆیانەدا باس لە یاسای دەستەی سوێند خواردوو دەکرێت(هیئە المحلفین)و سەربەخۆیی دادگاکان (ئەم هەنگاوەش بەسەرەکیترین پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ دادەنرێت)، بەرێوەبردنی دادگاو داوا یاسایەکان، بنەماکانی (اخلاقیات السلک القضائی)وە هەر لێرەشدا چاپەمەنیەکانی سەنتەر دابەش دەکرێت سەر ئامادەبوانی دا.

کۆرو سیمینارەکان:-

لێرەدا سەنتەریە هەماهەنگی و هاوکاری رێکخراوەکانی تر کۆرو سیمیناری تایبەت بۆ دادوەر و فەرمانبەرانی دادگای بیانی ئەنجام دەدات .وە ئەم پروگرامەش لە لایەن ئاژانسی وولایەتە یەکگرتوەکان بۆ سەروەری یاسای نێودەولەتی (بەشێوەیەکی سەرەکیش ئاژانسی ئەمریکی بۆگەشەپێدانی نێودەولەتی وە وەزارەتی داد ،وەزارەتی دەرەوە ،وەزارەتی بازرگانی)و رێکخراوە ناحکومیەکان و رێکخراوە نێودەولەتیەکان وەکو سەندیکای پارێزەری ئەمریکی و بەنکی نێودەولەتی پشتگیری دەکرێت.

بۆ نموونە لە سالی نەوەدەکان وەزارەتی

دەرەوەی ئەمریکا پشتگیری لوجیستی بۆ پرۆگرامی سیستمی یاسایی ئەمریکی بۆ ژمارەیەک دادوەرو فەرمانبەرانی دەوڵەتانی کۆماری ئەنجام دا لەو کاتەی لە یەکێتی سۆڤیەت جیابووبوونەوە. لەم کاتانەی دوایشدا لە سەر ئەرکی ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی پروگرامی پێشخستن و گەشەسەندنی کاسێتی ڤیدیویی (اشرطە ڤیدیو التعلیمیە) بۆ دادوەران و فەرمانبەرانی دادگاکان ئەنجام داوە کە بۆ ماوەی هەفتەیەک ئەم سەنتەرە میوانداری شاندێکی ئەکادیمی دادوەری رووسی دەکرد، جگە لەوەش شاندی ولاتانی هیند و مەکسیک وبناما بۆ ئاگاداربوون لە ڕێگەکانی یەکلاکردنەوەی کێشەکان کە تایبەتە بە دادگاکان و ستراتیجیەتی پێویست بۆ پێشکەشکردنی زانیاری دادوەری.

بۆ دەست خستنی پرۆژەکانی یارمەتیە دەرەکیەکان،فەرمانبەرانی سەنتەر سەردانی زۆر لە دادگاکان و سەنتەری راهێنانی ولاتانی تر دەکەن بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە پێویستیەکان و هەروەها یارمەتی دانیان لە سەر رۆشنایی ئەم سەر دانانەوجگە لەوەش بەشداری کردن لە کۆنگرە زانستیەکان دەکەن کە ئەمەش بە ئەرکی لاوەکی کارمەندانی سەنتەر دێت بەرامبەر دادگای فیدرالی.

ئەو بەشداریانەی کە تا نیستا ئەم سەنتەرە ئەنجامی داوە لە پرۆگرامی ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشە پێدانی نێودەوڵەتی (بدائل تسویە النزاعات فی تایلاند) وە وەکو تیمێک بەشداریان کردووە لە هەڵسەنگاندنی سیستمی یاسایی وەزارەتی داد لە ئەنجومەنی دادگا بازرگانیەکانی یەکێتی رووسی .

وە پروگرامی سەنتەر بریتی یە لە ئامادەکردنی سەرچاوەی زانستی پێویست (نوسراو و ئەلکترۆنی) وە هەروەها ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لە گەل دادوەرە ئەمریکیەکان و فەرمانبەرانی دادگا، فەرمانبەرانی سەنتەر و کەسانی تری پەیوەندار لە پایتەختی ئەمریکا (واشنطن) کە شارەزاییەکی تەواویان لەم بوارە هەیە بۆ هەموو ئەو دادوەر و زانایانەی کە سەردانی سەنتەر دەکەن و دەیانەوێت توێژینەوەی گرنگ لە بواری کارگێری دادوەری ئەنجام بدەن، جگە لەوەی کە هەر یارمەتیەکی تر پێویست بێت سەنتەر پێشکەشی دەکات.

لیژنەی کۆنگرەی دادوەری بۆ پەیوەندیە دادوەریە نێودەوڵەتیەکا:

ئەم لیژنەیە لە ساڵی (١٩٩١)لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزراوە ئەمەش بە مەبەستی پێشکەش کردنی یارمەتی زیاتر لە بواری یاسای دادوەری لەولاتە دیموکراتەکان و دەولەتی نامیە . کە ئەمانەش پێک دێن لە ژمارەیەک دادوەری تایبەتمەند وە دادوەری تێهەڵچونەوە کە شارەزایی تەواویان لە بواری گەشەپێدانی دادوەری نێودەوڵەتی هەیە وە لێرەدا سەنتەر رۆڵی راوێژکار دەبینێت بۆ ئەم لیژنەیە .